Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.- Conf-Sajade, 22

# گێڕانەوە وەکو ڕەگەزی زاڵ لە ڕشتەی مرواریدا

یەدوڵڵا پەشابادی

زانکۆی کوردستان، سنە، ئێران

**پوختە**

ڕشتەی مرواری وەکو سەرچاوەیەکی هێژای ئەدەبی زارەکی، لەخۆگری کۆمەڵێک چیرۆک، ئەفسانە، پەند، سەربوردە و دەقی ڕیوایی و ئەدەبییە. ڕەگەزی گێڕانەوە لەم بەرهەمەدا دیاردەیەکی زاڵە. ئەم توێژینەوەیە بە شێوەی شیکاری-تەوسیفی بە ئامانجی لێکدانەوەی لایەنی گێڕانەوەناسیی ڕشتەی مرواری پێک¬هاتووە. بە لێکدانەوەی چەندین دەقی چیرۆک¬تەوەری نێو ئەم بەرهەمە و لێکدانەوە و شی¬کردنەوەی ڕەگەزە گێڕانەوەییەکانی بایەخی گێڕانەوەناسانەی بەرهەمەکە زێدەتر ڕوون دەبێتەوە. لێکۆڵینەوەی ئەم بەرهەمە لەم ڕوانگە و لەم ڕەهەندەوە ئەگەری چەسپانی گێڕانەوە وەکو ڕەگەزی زاڵی ڕشتەی مرواری دەسەلمێنێت. هاتنی دەستەواژەی لە چەشنی ((دەگێڕنەوە))، ((دەڵێن))، ((فڵانە کەس وتی))، ((جارێک))، ((هەبوو نەبوو)) و هتد نیشانەی ئەم ڕاستییەیە.

*Article Info*

Received: May, 2022
Accepted : June, 2022
Published :October,2022

*Keywords*

ڕشتەی مرواری، عەلائەدین سەجادی، گێڕانەوەناسی، ڕەگەزی زاڵ.

Corresponding Author

y.pashabadi@uok.ac.ir

## پێشەکی:

عەلائەدین سەجادی (١٩٠٧-١٩٨٤) خاوەنی چەندان بەرهەمی ناوازە لە بواری ئەدەب، مێژوو، فەرهەنگ و فۆلكلۆرە. سەجادی لە پەتەوکردنەوەی ئەستووندەکی پەخشانی کوردیدا بە پێشکەش کردنی چەندین بەرهەمی گرنگ و بەپێز، دەورێکی بەرچاوی گێڕاوە. کۆمەڵە کتێبی ڕشتەی مرواری لەو بەرهەمانەی ئەدەبی کوردییە کە بە زۆری دەچنە خانەی ئەدەبی گێڕانەوەییەوە. گێڕانەوە وەکو بوارێکی گرنگ و بەرینی ئەدەب، هەموو ئەو دەقانە دەگرێتەوە کە ڕووداو، سەربوردە و یاخود بیرەوەرییەک دەنووسێتەوە. ڕشتەی مرواری وەکو گشتێک لەسەر تەوەری گێڕانەوە دەچەرخێت. هەر بۆیەشە کە دەتوانین وەکو ڕەگەزی زاڵی نێو ئەم بەرهەمە نازەدی بکەین. ڕەگەزی زاڵ (Dominant) دەبێتە هۆی بەدی¬هاتنی ناوەندێتی دەق، و بەرهەمی ئەدەمی لە چوارچێوەی ئەو ڕەگەزە زاڵەدا یەکدیگر دەبێتەوە (دشتی آهنگر، ١٣٩٨: ٦١). ئەم دیاردەیە لە پێش¬زەوینەدا دەوەستێ و ڕەگەزەکانی تر لە دەوروبەری ئەودا جێگیر دەبن (سلدن، ١٣٧٣: ٥٦). دەتوانین بڵێین کە مەبەست لە ڕەگەزی زاڵ هۆکاری سەرەکیی بەرهەمی هونەرییە کە دەبێتە هۆی پێک¬هێنانی هۆکارەکانی تر و تایبەتمەندیی دەبەخشێتە بەرهەمی هونەری (نیوتن، ١٣٧٨: ٨٠-٨٢). ئەم ڕەگە لە لایەکی ترەوە وەکو بنەڕەتێک بۆ دیاری¬کردنی چەشنی ئەدەبیی بەرهەم بەکاردەبرێت (دشتی آهنگر، ١٣٩٨: ٦١). بۆیە گرنگی¬دان بە ڕەگەزی زاڵ لە دیاری¬کردنی چەشنی ئەدەبیدا تەوەرێکی زەق و پرکاریگەرە (هەمان). جێی ئاماژەیە کە هەر تایبەتمەندییەک کە بە ڕادەیەکی زۆر و بەرچاو لە بەرهەمی ئەدەبیدا پات بووبێتەوە، ئەوە دەبێتە ڕەگەزی زاڵ و وەکو دیاردەیەکی چەشن¬سازانە و شێوازناسانە خۆی دەنوێنێت.

وێلک و وارێن (١٣٩٠: ٢٧١) گرنگی¬دان بە گۆڕان یا پێک¬هاتی ناوەوەی ئەدەب بە یەکێ لە بایەخە مەزنەکانی خوێندنەوەی چەشن¬ناسانە دەزانن.

تینیانۆف (بە واتەی تودوروف، ١٣٩٢: ١٤٢) ڕەخنە دەگرێ لەوەی کە چەشنی ئەدەبی بە پێی بارستایی دیاری بکرێ. بە ڕای تینیانۆف ئەم کارە ئەدەب لە هەرێمی خۆی دەباتە دەرەوە و دەیخاتە هەرێمێکی نائەدەبییەوە (هەمان).

تینیانۆف (دارم، ١٣٨١: ٧) چەشنی ئەدەبی بە دیاردەیەکی مێژوویی-تەکامولی دەزانێ و پێی وایە کە چەشنە ئەدەبییەکان وێڕای گۆڕانی بایەخەکان و تایبەتمەندییەکان گۆڕانیان بە سەردا دێت.

ئەوی ئاشکرایە لە شێوازی هەر دەورەدا ئەوەیە کە ڕەگەزێک دەبێتە ناوەند و تەوەری جوانی-ناسیی بەرهەمانی ئەو دەورە و وەکو هەرێمێکی میگناتیسی دەجووڵێتەوە کە ڕەگەزەکانی تر بە دەوریدا دەسووڕێنەوە. ئەم بابەتە پێشتر سەرنجی فۆرمالیستەکانی ڕووسی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو (غلامی، ١٣٩٣: ١٤٠).

ڕۆمان یاکۆبسون (١٨٩٦-١٩٨٢) ئەم تاقمە ڕەگەزانەی وەکو بنەمایەک بۆ گشتێتی و هاوئەندامی و هاولایەنیی دەق هێناوەتە ئاراوە و ناوی ڕەگەزی زاڵی سەپاندووە بە سەریاندا (غلامی، ١٣٩٣: ١٤٠؛ هەروەها بڕوانە: تسلیمی، ١٣٨٨: ٤٥).

پێکهاتە یا مووتیفێک کە لە دەوران یا دەورانگەلی پێشیدا لە پەراوێزدا بووە، لە سەردەمێکی دیاریکراودا زەق دەبێتەوە و دەکەوێتە پێش چاو، و سیمای خۆی زیاتر دەردەخات و دەبێتە ناوەندی تازەگەری و داهێنان (شفیعی کدکنی، ١٣٩١: ١٦٠).

لایەنی زاڵی بەرهەمی ئەدەبی هەمان دەور دەگێڕێ کە تێکرای پێکهاتەی پەیکەرێکی زیندوو لە هەیکەلی بوونەوەرێکدا دەیگێڕی (کریستین سن، وەرگیراو لە: شفیعی کدکنی، ١٣٩١: ١٦١).

## شرۆڤەی بابەت

ئەم وتارە کە بە شێوەی شیکاری-تەوسیفی ئەنجام دەدرێت، تێدەکۆشێ بە سەر بابەتی گێڕانەوە لە کتێبی ڕشتەی مرواریی عەلائەدین سەجادیدا چڕبێتەوە و وەکو ڕەگەزی زاڵی ئەم بەرهەمە بیناسێنێت و تایبەتمەندی و چوارچێوە و ڕەهەند و ئەندامەکانی لێکبداتەوە. بۆ جێبەجێ¬کردنی ئەم کارە بە خوێندنەوەی سەرجەمی دەقی سەرەکیی کتێبەکە و دۆزینەوەی ڕەگەزە گێڕانەوەییەکانی و لێکدانەوە و شی¬کردنەوەیان، چوارچێوەی توێژینەوەکە پێک¬هاتووە.

## پێشینەی لێکۆڵینەوە

بە پێی پشکنین و بەدواداچوونی شیاو سەبارەت بە پێشینەی ئەم بابەتە، دەرکەوت کە بەداخەوە تا هەنووکە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانەی پەیوەندیدار بە گێڕانەوە وەکو ڕەگەزی زاڵی کتێبی ڕشتەی مرواری ئەنجام نەبووە یا بە چاپ نەگەیشتووە. گەرچی جێگەوپێگەی عەلائەدین سەجادی بەتایبەت بە بۆنەی کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی¬یەکەیەوە زۆر دیار و بەرچاوە و بیناوە و جێگای شیاوی خۆی پێ¬دراوە. بەڵام سەبارەت بە ڕشتەی مرواری کارێکی زانستیی ئەوتۆ نەدۆزرایەوە. گرنگترین سەرچاوەیەک کە پوخت¬وپاراو باسی ئەم ئەدیبەی کردبێ، مێژووی ئەدەبی کوردی (٢٠٠٦)ی مارف خەزنەدارە کە باسێکی بۆ تەرخان کردووە. خەزنەدار لە باسی نووسەرێتیی عەلائەدین سەجادیدا بە شێوەیەکی تایبەتی باسی ڕشتەی مرواری کردووە و جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە نووسەر ئەم بەرهەمەی بە زمانێکی میللیی سەرزار وەکو بەرهەمێکی فۆلکلۆر تۆمار کردووە (هەمان: ٥٧). خەزنەدار هەروەها ئەم بەرهەمە بە شانازیی ئەدەبی کوردی دەزانێ (هەمان). بەڵام سەبارەت بە خودی گێڕانەوە سەرچاوەیەکی گرنگ و نزیکی ئەم بابەتە کتێبی گێڕانەوەناسی نووسراوی هاشم ئەحمەدزادەیە (٢٠١٨) کە لەو بەرهەمەیدا باسی لە پێناسە جیاجیاکان و بەناوبانگترین تیۆری¬دانەرانی ئەم بوارە کردووە (لل ١٣-٢٢). هەر ئەم کەمایەسییە کە لە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بابەتی ئەم وتارەدا هەست¬دەکرێ، گرنگی و پێویستێتیی ئەنجام¬دانی ئەم لێکۆڵینەوەیەی دووچەندان کردۆتەوە.

## ئامانج و شێوەی لێکۆڵینەوە

ئامانجی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە لێکدانەوەی گێڕانەوە لە کتێبی ڕشتەی مرواریدا وەکو ڕەگەزێکی زاڵە. بۆ ئەم کارە دیاردەی گێڕانەوە و شێواز و دەرکەوتەکانی و سیماکانی لێکدەدینەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە شێوەی تەوسیفی-شیکاری ئەنجام دەدرێت.

## عەلائەدین سەجادی و ڕشتەی مرواری

بێ¬گومان عەلائەدین سەجادی (١٩٠٧-١٩٨٤) - زادەی گەڕەکی قەتارچیانی شاری سنە (خەزنەدار، ٢٠٠٦: ٥٥/٧)- یەکێ لە گرنگترین کەسایەتییەکانی ئەدەبی کوردییە؛ بەتایبەت لە باری لێکۆڵینەوە و ڕادەست¬کردنی زانستە ئەدەبییەکانەوە. سەجادی وێڕای دامەزرانی بەشی ئەدەبی کوردی لە زانکۆی بەغدا لە ساڵی ١٩٥٩ وەکو مامۆستای ئەو بەشە ئەرکی نواندووە (کۆمەڵە

وتاری کۆنفرانسی زانکۆی گەرمیان: ٢٠٢١). هەژار (٢٠٠٧: ٤٦٨) وەکو یەکێ لە ئەندامانی بنەڕەتیی کۆڕی زانیاریی کورد و خاوەنی چەندین بەرهەم ناوی بردووە. ئەم ئەدیبە لە پێش¬خستن و پێگەیاندنی پەخشانی کوردیدا و هەروەها لە جێ¬خستنی لێکۆڵینەوەی زانستییانە بە زمانی کوردیدا دەورێکی گرنگی بووە (بۆ نموونە بڕوانە: سەجادی، ٢٠٠٠ و هەروەها: هەر ئەو، ٢٠١٨). لە نووسینیدا شێوەیەکی نوێی گرتووەتەبەر و لە هەندێ بابەتی نووسیندا بە داهێنەر دەژمێردرێت (هەژار، ٢٠٠٧: ٤٦٨). بەرهەمەکانی سەجادی چەند بوار دەگرنەوە کە گرنگترینیان بریتییە لە مێژووی ئەدەب، فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەوانبێژی. سەجادی لە نووسینی چیرۆک و یادداشت و بابەتی بەکەڵکدا باڵادەست بووە و هەوڵی¬داوە خەڵک ئاگادار بکاتەوە (گەنجەیی: ٢٠١٦). لەم نێوەدا ڕشتەی مرواری کە دەکەوێتە خانەی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکییەوە بە بۆنەی ڕزگارکردنی سامانێکی نەتەوەیی لە فەوتان بایەخێکی کەم¬وێنەی هەیە و بێ¬گومان یەکێ لە گرنگترین بەرهەمەکانێتی. ئەم بەرهەمە لە هەشت بەشدا پێشکەش کراوە کە بە شێوەی جیاجیا و هەروەها یەک¬جێش لە یەک بەرگدا چەندین جار لە چاپ دراوە. سەجادی بە گەڕان و پشکنین و دواندنی کەسانی جۆربەجۆر کە لە خەڵکانی زۆربەی ناوچە کوردییەکانیان تێدایە، ئەم بەرهەمەی کۆکردۆتەوە (بڕوانە: سەجادی، ٢٠١٥: ١/١٦٣). ئەڵبەت بە بەڵاوبوونەوە و ناسرانی کارەکەی، زۆر کەسی تر بابەتی لەم چەشنەیان بۆ ناردووە و ئەو وێڕای ڕاگرتنی ئەمانەت تۆماری کردوون. هەژار لە چێشتی مجێورەکەیدا ئاوڕێکی لێ¬داوەتەوە و دانی بە هەبوونی قسەی نەستەق و نەزیلە و گاڵتەجاڕەکانیدا ناوە (هەژار، ٢٠٠٧: ٣٥). لە ڕۆژگارانی دواتردا کەسانی وەکو حەجێ جندی (٢٠٠٨) و فەقێ شێخ وەسانی (٢٠١٥) و ئیبراهیم ئەحمەدی (١٣٩٩) گۆشەگەلێک لە ئەدەبی فۆلکلۆریان لە فەوتان ڕزگارکردووە.

## تەوەری باس

### گێڕانەوە

گێڕانەوە(Narration) وەکو دیاردەیەکی نوێی لێکۆڵینەوە زانستییەکان و دەرکەوتەیەکی ڕاستەوخۆی پێکهاتەخوازی (وهابی دریاکناری و نیک¬منش، ١٣٩٦: ١٩٠) دەژمێردرێت. گێڕانەوەناسی (NArratology) وەکو زانست یەکەم جار لە سەدەی بیستەمدا خۆی نواندووە. ڕەگی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانیی کۆن. بناغەی باسی گێڕانەوەناسی لە کارەکەی ڤیلادیمیر پراپ فۆرمالیستی ڕۆسییەوە دەست پێ¬دەکات (یوسفی، ١٤٠٠: ٤٣). هەندێ لە گێڕانەوەکانی نێو ڕشتەی مرواری لە چەشنی بیرەوەری دێنە ئەژمار کە پێویستی بە سەلماندن و ڕاستی نییە و زۆرتر کەشێکی غینایی بە سەریدا زاڵە (إسماعیل،٢٠١٣: ١٦٨). ((کاتێ مرۆڤ دەیەوێت ڕووداوێک ڕاڤە بکات، بە شێوازێکی تایبەتی دەیگێڕێتەوە؛ بە واتایەکی تر، ڕاڤەکاریی ئەو ڕووداوە هەر ئەوەیە گێڕانەوەیەکی جیاوازی بۆ دەکرێ؛ بۆیە گێڕانەوە و ڕاڤەکاریی ڕووداوێک پێکەوە گرێ¬دراون)) (محەمەدی، ١٣٩٩: ١٦٦). کاتێ گێڕانەوە چڕدەبێتەوە بە سەر نواندنی ڕووداو و کارەکان لە دوو ڕەهەندی زەمانی و ترازیدیدا، وەسف گرنگی بە ناوەڕۆک نادات؛ بەڵکوو هەوڵ بۆ ئەوە دەدا کە شتەکان و پێکهاتەکانیان بدۆزێتەوە (عزام، ٢٠٠٣: ١٥٩-١٦٠). کەڵک¬وەرگرتن لە گێڕانەوە دەتوانێ لە دەرخستنەوە و پیشان¬دانەوەی ڕووداوان و بارودۆخی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا کاریگەر بێت.

سەجادی بە لێهاتووییەکی ئەوتۆوە توانیویە بە شێوازێکی شیاو و بەجێ لە توانستە ناوەکییەکانی گێڕانەوە و گێڕانەوەگەری(Narratism)ی زمانی کوردی کەڵک¬وەربگرێ. ((هەموو کارێکی ئەدەبی بە سەرەتایەک دەست¬پێ¬دەکات و بە پێی بابەت و ڕووداو و هێز و هەستەکانەوە لە خاڵێکدا کۆتایی پێ¬دێت؛ هەتا هێزەکان، ڕووداوەکان، بابەتەکان بە پێی فەزای زەمەنی بەرەو لاوازی و هەرەس بچێت، ئەوا بابەتەکان بۆ جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی پێش دەستپێکردن و سەرەتا)) (کەریم و فواد، ٢٠٠٤: ٦٧).

### ڕەگەزی زاڵ

((لایەنی زاڵ)) یا ((ڕەگەزی زاڵ)) یەکێ لە چەمکە بنەڕەتییەکانی تیۆری فۆرماڵیسم دێتەئەژمار (رضایی جمکرانی و چراغی، ١٤٠٠: ٢٨٩). لە ڕوانگەی فۆرماڵیستەکانەوە دەق لە چەند ڕەگەزێک پێک¬هاتووە کە بە شێوەیەکی گونجاو و هاوئاهەنگ لە پێوەندیدان (رضایی جمکرانی و چراغی، ١٤٠٠: ٢٩٠). سەنگینی و ناوەندی پێوەندیی ئەندامانی هەر داستانێک ڕەگەزی زاڵی ئەو بەرهەمەیە (رضایی جمکرانی و چراغی، ١٤٠٠: ٢٩٠). ڕەگەزی زاڵ ناوکی سەرەکیی فۆرماڵیسمە کە لە هەموو لایەنێکەوە (فۆرم و واتا) هۆی ڕێکی و هاوئاهەنگیی بەرهەم پێک¬دەهێنێت و ئەندامە وردیلەکانی تر دەکێشێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە (رضایی جمکرانی و چراغی، ١٤٠٠: ٢٩٢). ئەم ڕەگەزە دەکەوێتە پێش¬زەمینەوە و ڕەگەزەکانی تر دەخاتە پشتەوە (سلدن، ١٣٧٣: ٥٦). بە گوتەی شەفیعی کەدکەنی (١٣٩١: ١٥٩) هەر بابەتێکی زاڵ کە دێتە مەیدانی بەرهەمی ئەدەبییەوە، وەکو هەتاوێک، تا ئەو کاتەی لە مەیدان و ناوەندی هاندراندا دەبێ، تەوەری سەرەکیی داهێنان دێتەئەژمار.

ڕەگەزی زاڵ بریتییە لە تەوەری زەقی بەرهەمێکی هونەری (Erlich, 1981: 75 وەرگیراو لە: خسروی شکیب، ١٣٨٨: ١٠٤). ئەم تەوەرە هەموو تەوەرەکانی تری بەرهەم بەڕێوەدەبات و دیاریان¬دەکات و دەیانگۆڕێ و هەروەها دەبێتە هۆی یەکپارچەیی پێکهاتەی بەرهەم (خسروی شکیب، ١٣٨٨: ١٠٤). دەکرێ لە بەرهەمی شاعیر یا هونەرمەندێکدا یا تەنانەت لە بەرهەمی هونەریی دەورەیەکی دیاریکراودا بە دوای ڕەگەزی زاڵدا بگەڕێین (Wellek, 1982: 52). لایەنی زاڵ جگە لەوەی بەرهەمی هونەری پتەو دەکاتەوە، شیعر بە فۆرمێکی ئێپیزۆدیک دەردەهێنێ (خسروی شکیب، ١٣٨٨: ١١١). هەندێ جار چەمکی ((دەسەڵات)) بۆ ڕەگەزی زاڵ بەکاردەبرێ (مرامی و عزیزی مراد، ١٣٩٦: ٤). ((زۆر جاران وا ڕێک دەکەوێ کە بەهای دەق بەتایبەتیش دەقی چیرۆک لەوەدا چڕدەبێتەوە کە هەموو تەکنیکەکانی پێکەوە وا تێک¬بگیرێن کە بواری هیچ بۆشاییەکی سادە و ساکار و زیادە نەبێتەوە)) (خۆشناو، بێ.م: ١).

### ڕەگەزی زاڵ لە ڕشتەی مرواریدا

بە خوێندنەوەی کتێبی ڕشتەی مرواری یەکەم ئاماژەیەکی چەشن¬ناسانە کە بە مێشکی خوێنەر دەگات، ئەوەیە کە لەگەڵ بەرهەمێکی گێڕانەوەییدا بەرەوڕووین. بەو واتایە کە گێڕانەوە کۆڵەکە و تەوەری پێکهاتەی ئەم بەرهەمەیە. ئەم تایبەتمەندییە لە چەندین بوار و چەندین ڕەهەندەوە خۆی نیشان¬داوە. لە درێژەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەپەرژینە سەر ئەم باسە.

### جیلوەی ڕەگەزی زاڵی گێڕانەوە لە ڕشتەی مرواریدا

دەکرێ دەرکەوتەکانی گێڕانەوە لەم بەرهەمەدا کە بۆتە هۆی ئەوەی وەکو ڕەگەزی زاڵی نێو بەرهەمەکە خۆی بنوێنێ، لە ڕووی دەستەواژە و دەربڕینەکانی نێو دەقەکانەوە دیاری بکەین. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە

زۆربەی دەقەکان بە وشە یا دەستەواژە و بە دەم¬وڕاوێژ و تەرزە دەربڕینێک دەست¬پێ¬دەکەن کە ڕەوت و بنەمای گێڕانەوەیی¬بوونی دەقەکان بە ڕاشکاوی پیشان-دەدات. لە پێناو ناسین و لێکدانەوەی ئەم بابەتەدا لە ژێر ئەم تەوەرانەی خوارەوەدا پۆلێنبەندیی دەکەین. کەڵک¬وەرگرتن لە هاوڕیشەی چەمکی وەک: ((هەبوو/هەبوونەبوو))، ((وتن))، ((جارێک))، ((کابرایەک))، ((ناوی تایبەت))، ((گێڕانەوە))، ((تاریف¬کردن)) (بێ دەستەواژەیەکی دیاریکراو)، ((یەکێک (پیاوێک، ژنێک، کوڕێک، کچێک، منالێک و ...)))، ((دوانە)) (وەکو: ژن و مێردێک، کوڕ و کچێک)، ((کات))، ((شوێن))، ((شوێنکەوتووی دین و ئایینێک (وەکو: جوولەکە))) و هتد لە جیلوەکانی ئەم ڕەگەزی زاڵەن لە ڕشتەی مرواریدا کە لە ژێرەوە شرۆڤەیان دەکەین.

## تەوەری پێکهاتوو لە هێمای ((هەبوو/هەبوونەبوو))

هاتنی ئەم دەستەواژەیە لە دەقێکدا ڕاستەوخۆ پەنجەدەخاتە سەر ئەوەی کە دەقێکی گێڕانەوەییە. ئەم ((هەبوون))ە هەندێ جار لە قاڵبی هەبوونی کەس یا شتێکدا دەردەکەوێ؛ وەکو: ((مەحموودی نادری شاتری هەبوو، منداڵی نەئەبوو ...)) (سەجادی، ٢٠١٥: ١١/١). (هەروەها وەکو: ٢٠١٥: ١٠/١) (بۆ نموونەی زێدەتری ئەم بابەتە بڕوانە: هەمان، ١١/١؛ ٢/ ١٢٢، ١٣٠، ١٣٤، ١٣٨، ١٤٤، ١٤٥، ١٤٩، ١٥٢(شایی بوو هەرا بوو)؛ ١٢٢/٣، ١٤٠، ١٤٧، ١٥٠، ١٥٠؛ ٨٧/٤، ٩٢، ٩٧، ٩٩، ١٠٨(دێیەک هەیە)؛ ٣٩/٥، ٤٥، ٤٥، ٤٥، ٤٦، ٤٨، ٥١، ٥٢، ٧٨، ٩٦، ٩٨، ٩٩، ١٠٨، ١٠٨، ١٢٦، ١٢٦، ١٣٠، ١٣٥، ١٣٥، ١٣٥، ١٣٨، ١٣٩، ١٣٩، ١٤١). هاتنی سەردێڕی وا، هێمای ئەوەیە کە لەگەڵ دەقێکی گێڕانەوەییدا بەرەوڕووین. ئەم گێڕانەوەیە کەسایەتی و ڕووداو و کەش¬وهەوا و ڕەگەزەکانی تایبەت بە خۆی هەیە.

## تەوەری پێکهاتوو لە ڕەگی ((وتن))

کەڵک¬وەرگرتن لە ڕەگی وتن بێ گومان یەکێک لە بەربڵاوترین جیلوەکانی ڕەگەزی زاڵی گێڕانەوە لە ڕشتەی مرواریدایە. وەکو ئەم نموونە: ((خانزادەیەکی هەریری وتوویە ...)) (سەجادی، ٢٠١٥: ١١/١). (بۆ نموونەی زێدەتری ئەم بابەتە بڕوانە: هەمان، ١/، ١٢٣؛ ١٨/٢، ٤٦(ئەڵێ)؛ ٩٧/٣جار بەس لە بەشی یەکەمدا(لل٧-٢١)، ٢٨، ٤١، ٥١، ٦٠، ٦٢، ٦٤، ٦٨، ٦٩، ١٠٥، ١٣٩، ١٤٠، ١٤٨، ١٤٨، ١٥١، ١٥٢، ١٦٢؛ ٣٠/٤(ئەڵێن)، ٤٥، ٤٥، ٤٦، ٤٧، ٤٨(لە نەزانییان پرسی)، ٤٨، ٤٨، ٤٨، ٤٩، ٥٠، ٥٢، ٥٤، ٥٤، ٥٤، ٨٧، ٩٣(دەنگ وایە=دەڵێن)، ٩٧(وتیان)، ١٠٦، ١٣١، ١٣٩، ١٣٩؛ ٨/٥، ٨، ١٨، ٢٥، ٣١، ٣١، ٣٢، ٣٥، ٣٧، ٣٩، ٤١، ٤٢، ٤٤، ٨٥، ٨٨، ٨٩، ١٠٧، ١١٠، ١١٨، ١٢٧، ١٢٨، ١٢٨. ١٤٤، بەشی ئاخر ٧٨جار ئەڵێن؛ ١٠/٦، ١٥، ١٥، ١٦، ٢٠، ٢٣، ٢٨، ٢٨، ٢٩، ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٧، ٤١). وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێ جگە لە خودی وشەی ((وتن)) لە شێوەکانی تریشی وەکو ئەڵێ، ئەڵێن و هاوواتاگەلی نێزیک بەمانە کەڵک¬وەردەگرێ.

## تەوەری پێکهاتوو لە ((جارێک))

هەڵکەوتنی ئەم دەستەواژەیە بە مانای گێڕانەوەی ڕووداو، سەربوردە و بابەتێکی گێڕانەوەییە کە وەکو ڕەگەزێکی زاڵ دەریدەخات. ئەم دەستەواژە لە زۆر دەقی ڕشتەی مرواریدا وەکو هێمایەک بۆ ئەم بابەتە خۆی نواندووە و دەوری گێڕاوە. ((جارێک مەولەوی لە شاری سنە لە کۆڕێکا دەئەنیشێ ...)) (سەجادی، ٢٠١٥: ١٠/١). (بۆ نموونەی زێدەتری ئەم بابەتە بڕوانە: هەمان، ١٧/١، ١٨، ٧٨، ٨٥، ٨٧، ١٤٧، ١٥١، ١٥٤، ١٥٥، ١٥٥، ١٦١، ١٦١؛ ١٥/٢، ٣٥، ٣٦، ٣٦، ٥٤، ٥٨، ٦٨، ٨٩، ١٣٦؛ ٤٧/٣، ٥٧، ٦٦، ٦٨، ١٣٣، ١٤٨، ١٥١؛ ٣٣/٤، ٦٧، ٧٤، ١٠١، ١٠٤، ١٠٤، ١٢٤؛ ١٤/٥، ٢٠، ٣٤، ٨٥، ٩٣، ٩٤، ٩٤، ٩٧، ٩٧، ٩٩، ١٠٩، ١٢٧؛ ١٠/٦، ٢٠).

## تەوەری پێکهاتوو لە ((کابرایەک))

ئەم دەستەواژەیە بە ڕێژەیەکی زۆر و بەرچاو لە نواندنی ڕەگەزی زاڵی گێڕانەوەی ڕشتەی مرواریدا دەوری گێڕاوە. هەندێ جار دەقی گێڕانەوەکە هەر بە خۆیەوە دەست¬پێ¬دەکات؛ وەکو: ((کابرایەکی موکری لەگەڵ ژنەکەیا دانیشتبوون ...)) (سەجادی، ٢٠١٥: ١٢/١). هەندێ جاریش لە دوو توێی ڕستەیەکدا دەردەکەوێت؛ وەکو: ((لە کابرایەکی کوردیان پرسی ...)) (سەجادی، ٢٠١٥: ١٢/١، ١٣). (بۆ نموونەی زێدەتری ئەم بابەتە بڕوانە: هەمان، ١٣/١، ١٥، ١٦، ١٦، ١٦، ١٧، ١٧، ١٧، ١٨، ١٩، ١٩، ٢٠، ٢٠، ٢١، ٢١، ٢٢، ٢٨، ٣٣، ٣٤، ٤٢، ٤٦، ٥٩، ٦١، ٦١، ٦٢، ٦٤، ٦٧، ٧١، ٧٢، ٧٥، ٧٩، ٨١، ٨٢، ٨٢، ٨٣، ٨٣، ٨٤، ٨٤، ٨٨، ٨٩، ٨٩، ٩٣، ٩٩، ١٠١، ١٠١، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٩، ١١٠، ١١٠، ١١١، ١١٣، ١١٨، ١٢٤، ١٣٠، ١٣٤، ١٣٧، ١٤١، ١٤١، ١٤٧، ١٤٨، ١٤٩، ١٤٩، ١٤٩، ١٥٠، ١٥٠، ١٥٠، ١٥٠، ١٥١، ١٥١، ١٥١، ١٥٢، ١٥٢، ١٥٣، ١٥٣، ١٥٥، ١٥٥، ١٥٨، ١٥٨، ١٦٠، ١٦٠، ١٦٠، ١٦١، ١٦١، ١٦١، ١٦٢؛ بەرگی٢/٨٨جار؛ بەرگی٣/٤٧جار؛ بەگی٤/٥٩جار؛ بەرگی٥/٣١ جار؛ بەرگی٦/٣٩ جار). بە گشتی ئەمەش جیلوەیەکە لە ڕەگەزی زاڵی گێڕانەوە لەم بەرهەمەدا. چونکە بەم شێوەیە دەچێتە نێو تاریف¬کردنی داستانێکەوە.

## تەوەری پێکهاتوو لە ناوی تایبەت

هاتنی ناوی تایبەت و گێڕڕانەوەی بەسەرهات و قسەی نەستەق و حیکایەتێکی سەرنجڕاکێشی ئەو کەسە، وەک جیلوەیەکی ڕەگەزی زاڵی گێڕانەوەی ڕشتەی مرواری دێتە بەر چاو. لە وێنەی ((عەزیز مەسرەف لە دیوەخانی شای ئێران – ناسرەدین شا-دا ئەبێت ...)) (سەجادی، ٢٠١٥: ١٠/١). (بۆ نموونەی زێدەتری ئەم بابەتە بڕوانە: هەمان، ١١/١، ١٣، ١٣، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨، ١٨، ١٨، ١٩، ١٩، ٢٠، ٢٠، ٢٠، ٢٢، ٢٣، ٢٧، ٤٠، ٦٢، ٦٣، ٦٦، ٦٦، ٦٨، ٦٨، ٦٩، ٧٠، ٧٠، ٧٠، ٧٤، ٧٦، ٧٧، ٧٨، ٧٩، ٧٩، ٨٠، ٨٠، ٨٠، ٨١، ٨١، ٨٦، ٨٦، ٨٧، ٨٨، ٩١، ٩١، ٩١، ٩٣، ٩٤، ٩٥، ٩٦، ٩٦، ٩٧، ١٠٠، ١٠١، ١٠٣، ١٠٥، ١٠٥، ١٠٨، ١٠٩، ١٤٧، ١٤٧، ١٤٨، ١٤٨، ١٤٨، ١٤٩، ١٥٢، ١٥٤، ١٥٤، ١٥٤، ١٥٦، ١٥٦، ١٥٧، ١٥٧، ١٥٧، ١٥٧، ١٥٨، ١٥٩، ١٦٠؛ بەرگی٢/٦٥جار؛ بەرگی٣/٤٥جار(١٢٦=ئینگلیز)؛ بەرگی٤/١٠٢جار، (١٠٤، ١١١=ئینگلیز)، ؛ بەرگی٥/١٠٤ (٣٩=ئینگلیز)؛ بەرگی٦/١٠٦، ئینگلیز(١٩)). ئەوی شیاوی سەرنجە لەم بەشەی جیلوەی گێڕانەوەکاندا، ئەوەیە کە هەندێ جار لە باتی ناوی تایبەت ناوی ڕەچەڵەکی سەربەوڵاتێک هاتووە. هەروەک لە نموونەکاندا دەبینین کە زۆر جار ئینگلیز هاتووە کە مەبەست نوێنەرانی دەوڵەتی ئەو کاتەی ئینگلیزە.

## تەوەری پێکهاتوو لە ڕەگی ((گێڕانەوە))

ڕەگی گێڕانەوە بۆخۆی لە نواندن و چەسپاندنی بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەورێکی تایبەتی هەیە و لە چەند دیمەنێکدا دەبینرێت. وەکو: ((ئەگێڕنەوە لە زەمانی سوڵتان بایەزیدا لە ئەستەمووڵ، ...)) (سەجادی، ٢٠١٥: ٣٢/١). هەروەها وەکو: ((مەلایەک گێڕایەوە وتی:...)) (هەمان: ٩٥/١). (بۆ نموونەی

زۆرتری ئەم بابەتە بڕوانە: هەمان: ٩٧/٢، ١١٨؛ ٢٨/٣، ٤١، ٥١، ٦٠، ٦٢، ١٤٠، ١٤٨، ١٥٢؛ ٩٤/٤(ئۆباڵی بە ئەستۆی ئەو کەسە بۆی گێڕامەوە)، ١٠٦، ١٠٧، ١٣٩، ١٣٩؛ ٨/٥، ٨، ١٨، ٢٥، ٣١، ٣١، ٣٢، ٣٥، ٣٧، ٣٩، ٤١، ٤٢، ٤٤، ١٠٧، ١٠٨، ١١٠، ١٢٨، ١٤٤؛ ١٥/٦، ١٦، ٢٠، ٢٣، ٢٨، ٢٨، ٢٩، ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٧). کەڵک¬وەرگرتن لە ڕەگی خودی گێڕانەوە بە ڕێژەیەکی ئاوا کە دەبینین زۆربوون و زاڵ بوونی چەشنی بەرهەمەکە دەسەلمێنێ کە لە سەرجەمیدا گێڕانەوە وەکو ڕەگەزی زاڵ دەرکەوتووە.

تەوەری پێکهاتوو لە تاریف کردن (بێ دەستەواژەیەکی دیاریکراو)

هەندێ جار نووسەر بێ ئەوەی هیچ ئاماژە یا نیشانەیەکی لەم چەشنە دابنێ، ڕاستەوخۆ دەچێتە نێو گێڕانەوەکەوە. ئەمە وەکو ئەوەیە ڕاستەوخۆ کەسێک تاریف دەکات یا شتێک دەگێڕێتەوە: ((هەمەوەند دابوویان بە سەر خێڵێکی جافدا، هیچیان بۆ نەهێشتبوون ...)) (سەجادی، ٢٠١٥: ١٠/١). هەروەها وەکو: ((پاشا کۆرەی ڕەواندز لە جەنگدا بوو ...))(هەمان: ١١/١). (بۆ نموونەی زێدەتری ئەم بابەتە بڕوانە: هەمان، ١١/١، ١٢، ١٣، ١٥، ٢١، ٢١، ٤٥، ١٠٧؛ ١٥/٢، ١٩، ٢٧، ٢٨، ٢٨، ٥٦؛ ٧/٣، ١٩، ٦١، ١٣٢، ١٤٢، ١٤٩؛ ٦٤/٤، ١٠٢؛ ٥٩/٥، ١٠٦).

تەوەری پێکهاتوو لە ((یەکێک)) (پیاوێک، ژنێک، هەتیوێک، کوڕێک، کچێک و ...)

زۆر جار لە جێی ناوی تایبەت کەسێک لە چەشنی ئەمانەی سەرەوە دەبێتە سەردێڕ و تەوەری گێڕانەوەکە و چیرۆکەکە بە دەوری ئەودا دەخولێتەوە. ((ژنێکی مەنعی کوڕێک و برایەک و مێردێکی ئەبێ ... )) (سەجادی، ٢٠١٥: ١٢/١). ((هەتیوێکی کەچەڵەی ڕووتەڵە هەبوو ...)) (هەمان: ٣٣/١). (هەروەها بۆ نموونەی زێدەتری ئەم بابەتە بڕوانە: هەمان: ١٦/١، ١٦، ٢٢، ٢٢، ٣٩، ٥٣، ٦٠، ٦١، ٦٤، ٦٥، ٦٥، ٦٧، ٧٤، ٨٠، ٨١، ١٠٨، ١١٠، ١١٨، ١٢٢، ١٢٥، ١٢٦، ١٤٠، ١٥٠، ١٥٢، ١٥٣، ١٥٣، ١٥٨؛ ١٠/٢، ١٣، ١٣، ٣٦، ٤٩، ٥٥، ٥٧، ٦٨، ٧٦، ٩٢، ٩٢، ٩٣، ١٣٩، ١٤٨(هۆبەیەکی)، ١٥٣(کۆڕێک بوون)؛ ١١/٣(کەسانێک)، ١٥، ١٧، ٤٢، ٤٧، ٥٣، ٥٧، ٦٢، ١٢٤، ١٣٨، ١٤٧، ١٥٣، ١٥٧(کۆڕێک بووین)، ١٦١؛ ١٨/٤، ١٨(خێڵ)، ١٨(خێڵ)، ٢١، ٢٤، ٢٦، ٢٨(عێل)، ٣١، ٣١، ٤٣، ٦٥، ٦٦، ٦٦، ٦٦، ٦٩، ٧٧، ١٠٢، ١٠٥، ١٠٨، ١٠٩، ١١٠، ١١١، ١٢٠(ئافەرتێک)، ١٢٥، ١٣٢، ١٣٨، ١٤٠، ١٤٠؛ ١٢/٥، ١٢، ١٤، ٢٨، ٢٨، ٣٩، ٤٣، ٤٣، ٤٥، ٤٧، ٤٨، ٤٩، ٥٩(کاروانێک)، ٩٠(هەولێرییەک)، ٩٨، ١٠٣، ١٠٣، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٨، ١١١، ١١٢، ١١٢، ١١٢، ١١٣، ١٤٥؛ ٨/٦(دوو برا)، ١٠، ١٢، ١٤، ١٣٩). لێرەدا جەختی گێڕانەوەکە لەسەر کەسایەتییە گشتییەکان و پێوەندییان بە تەوەری ڕووداوەکەوەیە.

تەوەری پێکهاتوو لە ناوی جێگەوپێگە و نازناو

هەندێ جار بە هاتنی سەرناوێک کە جێگەوپێگەیەک پیشان¬دەدات، وەکو پاشا، حاکم، بەگ و هتد، یا بە هاتنی نازناوێک گێڕانەوەکە پێک¬دێت. وەکو: ((بەگێک تلیاکی ئەکێشا ...)) (سەجادی، ٢٠١٥: ١٣/١). ((قازی هەواسان لەگەڵ هەتیوێکی زۆر جوان و ...)) (هەمان: ٣٨/١). هەندێ لەم نازناوانە دەربڕی کاری نەشیاو و نەگونجاون. وەکو: ((دزێک چووە ماڵێک ...)) (هەمان: ٨٠/١). (بۆ نموونەی زێدەتری ئەم بابەتە بڕوانە: هەمان: ٢١/١، ٣١، ٦٠، ٧٢، ٨٥، ٨٨، ٩٤، ٩٥، ٩٩، ١٤٥، ١٥١، ١٥٤ (سواڵکەر)، ١٥٥، ١٥٨، ١٦٠(ئاغایەک)، ١٦١، ١٦٢(فەقێیەک)؛ ١٢/٢، ١٣، ١٤، ١٦، ١٨، ٣٥، ٣٦، ٤٠، ٤٥، ٤٧، ٥٦، ٦٥(سێ زەلامی کورد)، ٦٦، ٩٤، ١٣١، ١٤١، ١٤٧، ١٥٠(شوانێک)، ١٥١، ١٥١، ١٥٥؛ ٣٢/٣، ٣٤، ٤٠، ٤١، ٥٦، ٥٧، ٦٠، ١٢٢، ١٢٨، ١٢٨(خەلیفەیەکی گڕن)، ١٢٨، ١٢٩، ١٤١، ١٤٤، ١٤٦، ١٥٠، ١٥٩؛ ١٢/٤(ئاخوندێک)، ٢٧، ٢٨، ٦٢، ١٠٥(ئەعیانەکانی سنە)، ١٢٤؛ ٢٧/٥، ٤١(مجەور)، ٩٣، ١٣٦(هەتیوێک)؛ ٩/٦(دزێک)، ١١(دێوانەی)، ٢٢ و ٢٣(ئاغایەکی)، ٤٠،(زیرەک)، ٤١(کوێخوا)). لەم نموونانەی گێڕانەوکاندا دەستە و تاقمی خەڵک و ئەندامانی جۆربەجۆری کۆمەڵگا دەبینین کە دەور دەگێڕن و ئەدگاری خۆیان لە زەمینەی گێڕانەوەکەدا دەسەلمێنن.

تەوەری پێکهاتوو لە دوانە (وەکو: ژن و مێردێک و هتد)

ئەم سەردێڕەش لە زۆر دەقی ئەم بەرهەمەدا بەدی¬دەکرێ و لە چەسپاندنی گێڕانەوەیی بوونیدا دەوریان بووە؛ وەکو: ((ژن و مێردێکی کوردەواری گەنجییان پێکەوە ڕابوارد..)) (سەجادی، ٢٠١٥: ١٨/١). (بۆ نموونەی زێدەتری ئەم بابەتە بڕوانە: هەمان: ١٠٣/٤، ١١٨(بەزمی بەینی بووک و خەسوو)، ١٢٣؛ ١٤٥/٥؛ ٤٠/٦(ژن و مێردێک)).

تەوەری پێکهاتوو لە ((کات))

هاتنی کات وەکو سەردێڕێک بۆ گێڕانەوەکان دەکرێتیش لە ژێر ناونیشانی جارێکدا ریز بکرێت؛ بەڵام بە هۆی ئەوەی کە دەرکەوتەی زۆرە و لە دابی حیکایەتی گوێ¬ئاگردانی کوردیشدا ئاقارێکی بەربڵاو داگیردەکات، شیاوی ئاماژەی تایبەتە. ئەم جیلوەیە لە دەرکەوتەی ڕەگەزی زاڵی گێڕانەوە لەم بەرهەمەدا، لە ژێر ناوی شەوێک، ڕۆژێک، ساڵێک و هتددا خۆی دەنوێنێ. وەکو: ((شەوێک لە نیوەشەوا ...)) (سەجادی، ٢٠١٥: ١٤/١). یا وەکو: ((ساڵێک بوومەلەرزەیەک لە پێنجوێندا کەوت ...)) (هەمان: ١٥/١). جگە لەوانەش هاتنی خودی ((زەمان)) لە قاڵبی جۆربەجۆردا نوێنەری ئەم چەشنەیە: ((لە زەمانی پێشوو لەو کوردەوارییە ...)) (هەمان: ٤٤/١)؛ یا وەکو: ((دەوری پێشوو دەوری بازگەردانی بوو...)) (هەمان: ٥٧/١). هەروەها بۆ نموونەی زێدەتری ئەم بابەتە بڕوانە: هەمان: ١٥/١، ٣٤، ٦٠، ٦٢، ٨٣، ٨٧، ٨٩، ٩١، ٩٨، ١٠٤، ١٢٠، ١٤٨، ١٤٨؛ ٤٤/٢، ٥٣، ٥٦، ٥٨، ٦١، ٩١، ٩٧، ١٠٠، ١٢٣، ١٣٠، ١٣٠، ١٣٢، ١٣٨، ١٤٠، ١٥٤، ١٥٤؛ ٦٠/٣، ١٢٣، ١٣٠، ١٣٩، ١٤٣؛ ٢٥/٤، ٢٧، ٣١، ٣٢، ٣٤، ٣٧، ٣٧، ٤٠، ٥٧، ٦٤، ٦٥(ئەو سەردەمە)، ٦٩(تازە)، ٧٠، ٧٢، ٧٣، ٧٦، ٨٣، ٩٧، ٩٧، ١٠٣، ١٠٥، ١١٤، ١٢٢، ١٣٠، ١٣٢، ١٣٤؛ ٩/٥، ١٨، ٢٠، ٢١، ٢٥، ٣٦، ٣٩، ٤٢، ٤٦، ٤٧، ٥٨، ٥٨، ٦٠، ٦١، ٦٢، ٦٣، ٦٤، ٦٦، ١٠٠، ١٠١، ١٠٧، ١٠٨، ١٢٨، ١٣٠؛ ٢٠/٦، ٢٣). بە گشتی لەم بەشەدا جەخت لەسەر کات دەکرێ. بەو واتایە گێڕانەوەکە بە کاتەوە بەستراوەتەوە، گەرچی بە ڕێژەیەکی زۆر کاتەکان نادیار و گشتین.

تەوەری پێکهاتوو لە ((شوێن))

دیاری¬کردنی شوێنی ڕووداو و بەسەرهات و گێڕانەوەکە خۆی وەکو جیلوەیەکی بابەتی ڕەگەزی زاڵ دەردەکەوێ لە ڕشتەی مرواریدا؛ وەکو: ((لە دەوروبەری مووسڵ، دوو گوند هەبوون ...)) (سەجادی، ٢٠١٥: ٦٠/١). (هەروەها بۆ نموونەی زێدەتری ئەم بابەتە بڕوانە: هەمان: ١٥٦/١، ١٥٩، ١٥٩؛ ٤١/٢، ٤٦، ٥٥، ٨١، ٨٤، ١٢٨، ١٣٧، ١٥٦، ١٥٦، ١٥٧؛ ٢١/٣، ٣٥، ٤٥، ٦١، ١٢٥، ١٢٦، ١٣٦، ١٣٨، ١٤٩، ١٦٠، ١٦١؛ ٨/٤(لەو سەرە)، ١٠، ٢١(شاخێک)، ٢٤، ٢٧، ٢٨، ٣٨، ٣٩، ٣٩، ٤٢، ٤٢، ٦٣، ٦٧، ٧١، ٧٢، ٧٦، ٨٠، ٨٥، ٨٨، ٩٢، ١٠٠، ١٠٠، ١٠٨، ١١٢، ١١٥، ١٢٠، ١٢٠،

١٢٢، ١٢٣، ١٢٦، ١٢٧، ١٢٨، ١٣٥؛ ١١/٥، ١٩، ٣٠، ٣٨، ٤١، ٤٨، ٥٠، ٥٤، ٥٧، ٨٠، ٨٥، ٨٩، ٩١، ٩٢، ١٠٦، ١١٢، ١١٩، ١٣١، ١٣٢، ١٣٢، ١٣٧، ١٣٨، ١٣٩، ١٤٣، ١٤٤؛ ١٢/٦، ١٤، ١٨، ٢٨، ٢٨، ٣١، ٣٣). لێرەدا زۆرترین قورساییەکە دەکەوێتە سەر شوێنەکان. ئەو شوێنانەش بە گشتی ناوچە جیاجیاکانی کوردەوارین. هەندێ جار بە ((ئەو)) یا ((لەو)) ئاماژەیان پێ¬دەکرێ.

**تەوەری پێکهاتوو لە شوێنکەوتووی دین و ئایینێک (وەکو جوولەکە)**

ئەمانەش لە دەرخستنی باری گێڕانەوەیی بوونی ئەم بەرهەمەدا دەوریان بووە؛ لە چەشنی: ((جوولەکەیەکی قەرەداغی گوێدرێژێک ئەدزێ ...)) (سەجادی، ٢٠١٥: ٩٢/١). (بۆ نموونەی زێدەتری ئەم بابەتە بڕوانە: هەمان: ١٥٢/١؛ ٩٤/٢، ١٥٤/٣؛ ١٢٩/٥). خاڵێکی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە جوولەکە لەم بەشەدا بەرینترین پانتایی بەر دەکەوێ. لە هەر شوێنێک بووە ئاماژەی پێ¬کراوە. ئاماژەکەش بە خاڵی بووە و هیچ وشە، ناو یا نازناوێکی تری لەگەڵی نەکەوتوو، وەکو ئەوەی بڵێ: ((کابرایەکی جوولەکە))؛ بەڵکوو هەمیشە ((جوولەکە)) بە تاقی تەنیا خۆی هاتووە.

**تەوەری پێکهاتوو لە ((جێناو))**

هەندێ جار دەقەکە بە جێناوەوە دەستی¬پێ¬کردووە؛ وەکو: ((تۆ ئەزانی لە وڵاتی کوردەواری لە هەر شوێن خواردەمەنییەکی تاقانە هەیە ...)) (سەجادی، ٢٠١٥: ٢٧/٢). (هەروەها بۆ نموونەی زۆرتری ئەم بابەتە بڕوانە: هەمان: ١٥٣/٢(من)).

**تەوەری پێکهاتوو لە ((ڕووداو))**

هەندێ ڕووداوی پڕناوودەنگ و ناسراو لە چەشنی شەڕی جیهانیی یەکەم و دووهەم لەم بەرهەمەدا بۆتە سەرباسی گێڕانەوەکە؛ وەکو: ((شەڕی دووەمی گێتیی بوو ...)) (سەجادی، ٢٠١٥: ١٣/٤). (هەروەها بۆ نموونەی زۆرتری ئەم بابەتە بڕوانە: هەمان: ٤٢/٣، ١١٧(جەنگی ١٩١٤-١٩١٨)، ١٤٩؛ ٩١/٤(کاهەرای شێخ مەحموودا)، ١٠٣(ساڵی غەزاکە)، ١١٨(بەزمی بەینی بووک و خەسوو)، ١٣٠(ئۆتۆمبیل تازە داهاتبوو)؛ ٧٤ /٥، ٩٩، ١٣٢، ١٣٣). خاڵی سەرنجڕاکێش سەبارەت بەم بابەتە ئەوەیە کە گرنگترین و پڕنموونەترین ڕووداو لەم بەشەدا شەڕ بووە کە ناوی هاتووە و باسی کراوە. بۆ نموونە ڕووداوان و کار و چالاکییەکانی تری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە چەشنی زەماوەن، بەزم و شایی هیچ ناوودەنگێکیان نییە. وەکو ئەوەی کە خۆشی و شایی لە بیری گێڕانەوەییانەی خەڵکی کورددا کەمتر سەقامگیر بووە یاخود هەر بە کردە کەمتر بوون. بەڵام شەڕ و ئاژاوە و هەراکان کاریگەرییان لە سەریان زۆر بووە و لە گێڕانەوە و ڕاز و ئەفسانەکاندا پانتاییەکی زۆرتریان بۆ خۆیان تەرخان کردووە.

**ئەنجام**

ڕشتەی مرواری بێ¬گومان یەکێک لە گرنگترین گەنجینەکانی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی و فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردییە. لە باری دەقناسییەوە یەکێک لە بنەماکانی پێکهاتەی ئەم بەرهەمە ئەوەیە کە گێڕانەوە وەکو ڕەگەزی زاڵی نێو ئەم کتێبە دەوری گێڕاوە. ئەم دەورگێڕانە چەندین جیلوەی هەبووە؛ هەندێ جار بە هاتنی وشە، دەستەواژە یان زاراوەیەکی تایبەت، هەندێ جار بە هاتنی ناو، نازناو، کات، شوێن، ڕووداو، جێناو، ڕەچەڵەک و یاخود وشەیەکی گشتیی بواری گێڕانەوە، مۆرکی ئەم ڕەگەزە زاڵەی پێوە نیشان¬دراوە. خاڵی سەرنجڕاکێش لەوەدایە کە بە هاتنی یەکێک لەو چەمکانەی سەرەوە، هێمای ئەوەی تێدایە کە لەو دەقە گێڕانەوەییەدا ئەو چەمکە تەوەری باس و بابەتەکەیە. سەبارەت بە کات و شوێن شیاوی ئاماژەیە کە کات لەم گێڕانەوەگەلەدا زۆرتر ناڕوون و نادیارە؛ بەو واتایە کە زەمەنێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو لە ڕوخساری وشەیەکی لە چەشنی ((زەمانی زوو، دەوران، سەردەم))دا دەرکەوتووە. شوێنیش گەرچی زۆرتر ناوچە کوردییەکانە، کەچی بە ئاماژەیەکی گشتگیر، لە چەشنی ((لەو کوردەوارییە)) پەنجەی بۆ ڕاکێشراوە.

**سەرچاوەکان**

**ئەلف) کوردی**


١. ئەحمەدی، ئیبراهیم (١٣٩٩). ڕاسی ناوچەی لەیلاخ. سنە: زانکۆی کوردستان، چاپی یەکەم.

٢. جندی، حەجیێ؛ عەفدال، ئەمینێ (٢٠٠٨). فۆلکلۆرا کورمانجا. هەولێر: ئاراس، چاپی یەکەم.

٣. حەسەن، حەمەحەسەن (٢٠٠٥). هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا. هەولێر: ئاراس، چاپی یەکەم.

٤. خەزنەدار، مارف (٢٠٠٦). مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی ٧. هەولێر: ئاراس، چاپی یەکەم.

٥. خۆشناو، هێمن عومەر (بێ.م.). ((چەند دەلاقەیەکی ئیستێتیکای دەقی چیرۆکی کوردی)). [بێ نانیشانی چاپ].

٦. سەجادی، عەلائەدین (٢٠١٥). ڕشتەی مرواری. ٨ بەرگ. [بێ شوێنی چاپ].

٧. سەجادی، عەلائەدین (٢٠٠٠). مێژووی پەخشانی کوردی. هەولێر: ئاراس، چاپی یەکەم.

٨. سەجادی، عەلائەدین (٢٠١٨). نرخ¬شناسی. سنە: کوردستان، چاپی یەکەم.

٩. شێخ وەسانی، فەقێ (٢٠١٥). خۆشناو و دۆ و دۆشاو. هەولێر: ئاودێر، چاپی یەکەم.

١٠. عوسمان، ڕەئووف (٢٠١١). ئاسۆیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی. بەغدا: دارالصحافه.

١١. کۆمەڵەوتاری کۆنفرانسی گەرمیان (٢٠٢١). ((ژیان و بەرهەمەکانی نووسەر و ڕووناکبیری گەورەی کورد عەلائەدین سەجادی)).

١٢. کەریم، زاهیر لەتیف؛ فواد، نیان نۆشیروان (٢٠٠٤). ((گێڕانەوە و جیری لە ئەدەبی بەراورددا)). گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ١٣، شوبات، بەشی B، لل ٦٧-٨٧.

١٣. گەنجەیی، شێرکۆ (٢٠١٦). ((کورتەمێژوویەک لەسەر ژیانی مامۆستا عەلائەدین سەجادی))، ماڵپەڕی ((مێژووی کورد))(()).

١٤. محەمەدی، فەرهاد (١٣٩٩). ((شیکاریی گێڕانەوەناسانەی گێڕانەوە جیاوازەکانی ڕووداوێکی کەنیشک¬کوژی)). پژوهشنامه ادبیات کردی، پاییز و زمستان، سال ٦، شماره ٢، پیاپی ١٠، وو ١٦٣-١٧٦. /J013.2020.4091٠.٣٤٧٨٥

١٥. هەژار، عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (٢٠٠٧). چێشتی مجێور. نووسیار ماجد مەردۆخ-ڕۆحانی. سنە: مهرەگان، چاپی دووهەم.


**ب) عەرەبی**

١٦. إسماعيل، عزالدين (٢٠١٣). الأدب و فنونه دراسة و نقد. القاهرة: دارالفكر العربي.

١٧. عزام، محمد (٢٠٠٣). تحليل الخطاب الأدبي على ضوء المناهج النقدية الحداثية. دمشق: اتحاد الكتاب العرب.

ج) فارسى

١٨. تودوروف، تزوتان (١٣٩٢). نظرية ادبيات: متهايى از فرماليستهاى روس. ترجمة عاطفه طاهايى. تهران: نشر دات، چاپ دوم.

١٩. تودوروف، تزوتان (١٣٨٢). بوطيقاى ساختارگرا. ترجمة محمد نبوى. تهران: آگه، چاپ دوم.

٢٠. تولان، مايكل (١٣٨٦). روايت¬شناسى. ترجمة سيده فاطمه علوى و فاطمه نعمتى. تهران: سمت.

٢١. خسروى شكيب، محمد (١٣٨٨). ((وجه غالب و بازى ساختار)). مجلة دانشكدة ادبيات و علوم انسانى، س ١٧، ش ٦٦، زمستان، صص ١٠٣-١١٨.

٢٢. دارم، محمود (١٣٩٥). ((انواع ادبى)). پژوهشنامه علوم انسانى، شمارة ٣٣، صص ٧٥-٩٥.

٢٣. دشتى آهنگر، مصطفى (١٣٩٨). ((تأملى در ويژگيهاى نوع ادبى حكايت و تفاوت آن با قصه)). فصلنامة پژوهشهاى ادبى، سال ١٦، شمارة ٦٥، پاييز، صص ٥٥-٨٦.

٢٤. رضايى جمكرانى، احمد؛ چراغى، على (١٤٠٠). ((((جدال سنت و مدرنيته)) عنصر غالب آثار محمود دولت¬آبادى با تأكيد بر جاى خالى سلوچ)). مطالعات فرهنگ ارتباطات. شمارة ٥٦، سال ٢٢، شمارة مسلسل ٨٨، زمستان، صص ٢٨٩-٣١٠.

٢٥. سلدن، رامان (١٣٧٣). راهنماى نظرية ادبى. ترجمة عباس مخبر. تهران: مركز.

٢٦. سلدن، رامان؛ ويدوسون، پيتر (١٣٨٤). راهنماى نظريه ادبى معاصر. ترجمة عباس مخبر. تهران: طرح نو، چاپ سوم.

٢٧. شفيعى كدكنى، محمدرضا (١٣٩١). رستاخيز كلمات. تهران: سخن، چاپ دوم.

٢٨. شفيعى كدكنى، محمدرضا (١٣٨٥). موسيقى شعر. تهران: توس.

٢٩. صفوى، كورش (١١٣٩). از زبانشناسى به ادبيات (نظم). تهران: سورة مهر، چاپ سوم.

٣٠. عباسى، على (١٣٩٣). روايت¬شناسى كاربردى. تهران: انتشارات دانشگاه شهيد بهشتى.

٣١. غلامى، مجاهد (١٣٩٣). ((خوانش فرماليستى عيوب فصاحت)). فصلنامة پژوهشهاى ادبى، سال ١١، شمارة ٤٤، صص١٣٧-١٦٥.

٣٢. مرامى، جلال؛ عزيزى مراد، قاسم (١٣٩٦). ((خوانشى نو از مكتب فرماليسم در پرتو رويكرد شكل¬دهى جامعه¬شناسى)). فصلنامة پژوهش¬هيا ادبى-قرآنى، سال پنجم، شمارة دوم، تابستان، صص ١-١٧.

٣٣. مكاريک، ايرنا ريما (١٣٨٣). دانشنامة ادبى معاصر. ترجمة مهران مهاجر و محمد نبوى. تهران: آگه.

٣٤. نيوتن، ک.م. (١٣٧٨). ((فرماليزم، ياكوبسن، عنصر غالب)). مجلة بايا، ترجمة شهناز محمدى. شمارة ٦ و ٧، شهريور و مهر صص ٨٠-٨٢.

٣٥. وهابى درياكنارى، رقيه؛ نيک¬منش، مهدى (١٣٩٦). ((مؤلفه¬هاى روايت در سه شعر بلند اخوان ثالث با تأكيد بر ديدگاه ژرار ژنت)). نشرية پژوهشنامة ادبيات غنايى، سال پانزدهم، شمارة بيشت و هشتم، بهار و تابستان، صص ١٨٧-٢٠٧.

٣٦. يوسفى، هادى (١٤٠٠). ((تحليل ساختارى روايات شش¬گانه (فارسى و كردى) داستان كُک كوهزاد بر اساس الگوى گريماس)). پژوهشنامه ادبيات كردى، دوره ٧شماره ١، پياپى ١١، بهار و تابستان، صص ٣٩-٥٤. J013.2021.401/١٠.٣٤٧٨٥

د) ئينگليزى

37. Erlich, Victor (1981). Russian Formalism, History-Doctrine, Yale University.

38. Wellek, Rene (1982). The attak on Literature, North Carolina University press.



## الملخص

### الرواية كالعنصر المهيمن فى كتاب رشته مروارى (عقد اللؤلؤ)

إنَّ كتاب رشته مروارى (عقد اللؤلؤ) يُعدّ من ينابيع الأدب العامّ الكردى و هو يحتوى على كتلة ضخمة من حكايات وقصص وأمثال و حكم و سِيَر و سَرديات أدبية منوَّعة وقد غلب عليه عنصر الرواية. اعتنى هذا البحث فى ضوء المنهج التوصيفى-التحليلى بشرح جوانبه السيكولوجية. فإنّه تتَّضح قيمة الكتاب أكثر فأكثر بعد تحليل نماذج من نصوص قصصه و شرحها و تحليلها. وإن ذلك الأمر يحكى عن فرض كونه أثراً روائياً. فيمكن اعتبار تكرار عبارات و مصطلحات عديدة كـ«يُحكَى»، و «يُقال»، و «قال فلان»، و «مرّة»، و «كان ما كان» و أمثال تلك العبارات دليلاً و سمة لذلك الفرض.


**الكلمات الرئيسة:** رشته مروارى (عقد اللؤلؤ)، علاءالدين سجادى، علم الرواية، العنصر المهيمن.


## ABSTRACT

### Narration as a dominant element in Reshte Merwari (Pearl necklace)

Reshte Merwari (Pearl necklace) As a valuable source of Kurdish oral Literature, it consists of a collection of stories, legends, anecdotes, tips and advices, stories and various literary narratives. The narrative element is a dominant phenomenon in this work. This research is based on a descriptive-analytical method with the aim of explaining the Narrative-cognitive aspects of Marwari field. Analyzing several examples of the fictional text of this work and describing and analyzing its narrative elements. It Narrative value becomes better and more clear. The description and analysis of this work, from this point of view, proves the assumption of authenticity of the Pearl necklace. The frequent appearance of expressions and terms such as "they define", "they say", "so-and-so said", "once", "there was one, there was not one" and the like are signs and proofs of this hypothesis.


Keywords: Reshte Merwari (Pearl necklace), Aladdin Sajjadi, Narratology, dominant element.